# جەنگی حەماس-ئیسرائیل: ڕۆڵ و داهاتووی ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**د. پەرویز ڕەحیم قادر/** دکتۆرا لە فەلسەفەی زانستە سیاسییەکان-دیراساتی ئاسایشی نەتەوەیی/مامۆستای زانکۆ

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جگە لەوەی ناوچەیەکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و ململانێ و تەنانەت جەنگ و توندوتیژییە، بەهۆی ئەوەی کە چەندان تایبەتمەندیی سروشتی و کەلتووری و ئایینی و جیۆسیاسی و جیۆئێکۆنۆمیی هەیە، بۆتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی ڕکەبەرایەتی و ململانێی جیۆستراتیژیی ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان. بە واتایەکی تر، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەك لەژێر کاریگەریی ململانێ و هاوکێشە سەرووهەرێمییەکاندایە و لە لایەکی تریشەوە خۆی هەڵگری چەندان کێشە و ئاڵۆزیی کەڵەکەبووی کەلتووری و ئایینی، ئابووری، مێژوویی، ئاسایشی و سیاسییە؛ بەم پێیەیش زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین هاوکێشە و هاوسەنگیی هێز لەم ناوچەیە کاریگەریی لەسەر داهاتووی پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی هەیە. بۆیە کێشە و هاوکێشەکان هەم ڕەهەندی هەرێمایەتی و بەم پێیەیش نێو-دەوڵەتییان هەیە و هەمیش ڕەهەندی ناو-دەوڵەتی و، تەنانەت بەپێچەوانەکەیشی ڕاستە و کێشە و پرسە ناوخۆییەکانی ئەم ناوچەیە ڕەهەند و لێکەوتەی نێودەوڵەتییان هەیە.

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧-١٠-٢٠٢٣ لە ڕوانگەی جیاواز و جۆراوجۆرەوە شرۆڤە و لێکدانەوە و خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە، لێکەوتە درێژخایەنەکانییەتی کە دەتوانێت پەیوەندیی بە کورد و هەرێمی کوردستانەوە هەبێت. بەم پێیە و لەم نێوەندەیشدا بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لە یەکلاییکردەوەی ئەو کێشە و ململانێیانەدا جێگەی سەرنج و تێڕامان و تەنانەت بایەخی توێژینەوە ئەکادیمی و ئاسایشییەکانە؛ چونکە لە ماوەی ڕابردوو ئێمە بینەری پاشەکشەی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لە هاوکێشە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا بووین و باس لە بەهێزبوونی دەوڵەتان و گەڕانەوەی سیاسەتی جیهانی بۆ دەوڵەت-تەوەریی ڕەق لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان گەرموگوڕ بوو. بەڵام ئەم ڕووداوە دەری خست کە ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتانە لە فاکتەرێك لە هاوکێشە جیۆسیاسی و ئاسایشییەکان، بوونەتە ئەکتەرێکی کاریگەر و شوێندانەر لە ململانێ هەرێمایەتییەکاندا.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین ئەو پرس و بابەتە لە ڕوانگەی ڕۆڵی ڕووله هەڵکشانی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان، بەتایبەتی گرووپە چەکدارە نادەوڵەتەکان ([NSAGs](1)) تاوتوێ بکەین. گریمانەی ئەم نووسینەیش ئەوەیە کە پێکهاتەی سیستەمی نێودەوڵەتی، زیاتر خەریکە سیما و تایبەتمەندیی فرەجەمسەر وەردەگرێت، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەهۆی پێکهاتە و سروشت و واقعی نوێی بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە وەکوو: سووریا، عێراق، لوبنان، یەمەن و تەنانەت ئیسرائیل (عەرەب-عەرەب و جوو-عەرەب)، لە ئاستی ناوخۆییدا فرەجەمسەری دروست بووە و بەم پێیە، دەرفەت بۆ بەرزبوونەوەی ڕۆڵ و پێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان هاتۆتە ئاراوە. هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم گرووپ و ئەکتەرە نادەوڵەتانە تەنیا

گرووپێکی چەکدار نین، بەڵکوو خاوەن باڵی سیاسی یان بەپێچەوانەوە، گرووپە سیاسییەکان خاوەن باڵی چەکدارین، وەکوو: حەماس و تالیبان و حزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن و حەشدی شەعبی و هتد. ئەمەیش لاوازکردن و لەناوبردن یان پووکانەوەیان ئەستەم دەکات و تەنانەت لە ڕووی ئابوورییشەوە دەستیان بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا گرتووە و هاوشێوەی دەوڵەت یان بەنوێنەرایەتیی دەوڵەت ڕەفتار دەکەن و دەوڵەتێکن لەناو دەوڵەتدا. بۆ نموونە، بارودۆخی ناوچەکە لەچاو پێشوو ئاڵۆزتر بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٢ کاتێک کە کۆمکاری عەرەبی پلانی سعوودیای بۆ ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل پەسەند کرد. ئەم پلانە بەڵێنی بە تەلئەبیب دا کە دوای قبووڵکردنی چارەسەری دوو-دەوڵەتی، پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئاسایی دەبێتەوە و بە کۆتاییهێنان بە ململانێ لەگەڵ فەڵەستینییەکان، ئیسرائیل دەتوانێت کۆتایی بە هەموو ململانێ ناوچەییەکانی بهێنێت. بڕیار بوو دەستپێشخەریی ئاشتیی عەرەبی هاندەرێکی بەهێز بێت بۆ ئیسرائیلییەکان، بەڵام ناوچەکە لە ساڵی ٢٠٠٢وە گۆڕاوە. هەندێک لە میلیشیاکان لە حزبوڵڵای لوبنانەوە تا حووسییەکانی یەمەن ئێستا بەهێزترن لە دەوڵەتەکانی خۆیان. بەم پێیەش، چیتر دەوڵەتە عەرەبییەکان تاکە ئەکتەر نین کە بڕیاری کۆتاییهێنان بە ململانێی لەگەڵ ئیسرائیل بدەن، بەڵکوو ئەکتەرە نادەوڵەتەکانیش دەبێ بەشدار بن و تەنانەت بەم سیاسەتە ڕازی بن.

### وەرچەرخانە تیۆری و جیۆسیاسییەکان

لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی و ڕوانگەی تیۆری لە سەردەمی جەنگی سارد، تیۆری و ڕوانگە ڕیالیستەکان و تەنانەت نیۆڕیالیستەکانیش سەربازی-ئاسایشی و دەوڵەت-تەوەر بوون؛ بەم واتایە کە لە لایەك دەوڵەتان وەکوو یەکەیەکی یەکگرتوو و تاقانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و بەم پێیەیش ململانێ و هاوکاری و دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەلایەن ئەو دەوڵەتانە سەرەڕای ئەوەی کە خاوەن هەر سیستەمێکی سیاسی یاخود پێکهاتەیی و ناسنامەیی بن بەڕێوە دەبردرا، لە لایەکی تریشەوە، لە نەبوونی هیچ حکوومەت و دەسەڵاتێکی زاڵ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوە دووبارە هەر دەوڵەتان بوون لەو سیستەمە نێودەوڵەتییە ئەنارکییەدا (Anarchic System) لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە ڕۆڵ و پێگەی سەرەکییان هەبوو. هەرچەندە جیاوازییەکە تەنیا ئەوە بوو کە ئەولەوییەت و لەپێشینەیی بۆ بکەرایەتیی سیاسەتی دەوڵەتان (لە ڕوانگەی ڕیالیزم) یاخود سیستەمی نێودەوڵەتی (لە ڕوانگەی نیۆڕیالیزم) بوو کە ئەویش لە کۆتاییدا هەر دەوڵەت-تەوەر بوو. هەرچەندە لیبراڵ (ئایدیالیستەکان) و نیۆ-لیبراڵەکان هەوڵیان دا ڕۆڵی ڕێکخراو، کۆمپانیا و ئەکتەرە نادەوڵەتەکان بەرجەستە بکەن، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی لەژێر هەژموونی ڕیالیستەکان بەتەواوی دەربچن. کۆتایی جەنگی سارد ئەم هاوکێشەیەی گۆڕی و پێکهاتەی سیستەمی دووجەمسەری کۆتایی پێ هات و، هەروەها ڕووداوەکانی پاش جەنگی سارد و دروستبوونی چەندان قەیران و جەنگ، دەوڵەت-تەوەربوونی سیستەمەکەی خستە ژێر پرسیارەوە. لە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەیش دەتوانین ئاماژە بە هەڵکشانی ژمارەی پێکدادان و توندوتیژییە سەربازییەکان لە ناوخۆی دەوڵەتان لە لایەك و، زیاتربوونی بابەت و کێشە و گرفتە ئاسایشییە ژێر-دەوڵەتی و پاشان سەروو-دەوڵەتی و سەروو-هەرێمییەکان و بەگشتی هاتنەئارای پرسە نوێیەکان لە لایەکی ترەوە بکەین، کە هەموو ئەمانەیش بوونە هۆی بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان. هەر بۆیە ڕوانگە و تیۆریی ڕیالیستی وەکوو ڕابردوو ناتوانێت بەتەواوی وەڵامی پرسیارە ئاسایشی و جیۆسیاسییە هەرێمایەتییەکان بداتەوە و واقعی ئاڵۆزی ناوچەکەمان بۆ شرۆڤە بکات؛ تەنانەت تیۆرییە ڕیالیستییەکان لە پێشبینیکردنی ڕووخانی سیستەمی دووجەمسەری و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی کۆمۆنیستی دەستەوەستان و بێتوانا بوون.

- **گۆڕانکاری و هاوکێشە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

کۆتاییی جەنگی سارد و بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ململانێ و گرفت و هاوکێشە ناوخۆییەکانی وڵاتان لەسەر ئاسایشی خودی ئەو دەوڵەتانە و پاشان گواستنەوەی بۆ دەرەوە، وای کردووە کە ئاسایشی دەوڵەتان تەنیا لەژێر کاریگەریی هەڕەشە یاخود نەبوونی هەڕەشەی دەرەکی نەبێت و لە لایەکی تریشەوە ئاسایشی دەوڵەتان تەنیا لە ڕێگەی پاراستنی سنوورەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی بواری ئاسایشی سەربازییەوە دەستەبەر نەکرێت. بۆیە پاش جەنگی سارد بەپێی ئامار و پێدراوەکانی ناوەندەکانی هەواڵگری، ئەکادیمی، ئاسایشی و لیکۆڵینەوەکانی بواری ئاشتی و دیموکراسی، زۆربەی توندوتیژی و پێکدادانەکان لە نێوان دەوڵەتاندا نەبووە، بەڵکوو لە ناوخۆی دەوڵەتاندا سەری هەڵداوە. ئەمەیش لە لایەک ڕۆڵی ناسنامە لەم پێکدادانانە و لە لایەکی تریشەوە پێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان بەرز و بەرجەستە دەکات.

ململانێی توندی ناسنامەیی و تائیفی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی پاش بەهاری عەرەبی وای کردووە کە ئەکتەرە نادەوڵەتەکان وەکوو ئەکتەرێکی سەرەکی کاریگەرییان لەسەر هاوکێشەکان هەبێت یاخود پێکدادانە ناسنامەییەکان بەڕێوە ببەن؛ بۆ نموونە: کێشەی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل و بەهێزبوونی حەماس و بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی؛ هەروەها کێشەی نێوان حزبوڵڵای لوبنان و دەوڵەتی لوبنان و ئیسرائیل و پاشان گرووپە تیرۆریستی و توندڕەوەکان لە سووریا و حووسییەکان لە یەمەن و میلیشیا شیعەکان و حەشدی شەعبی لە عێراق و سووریا و تالیبان لە ئەفغانستان و پاکستان و ئەلقاعیدە لە وڵاتانی ئیسلامی و ئەفریقا و داعش لە ناوچەکەدا و هتد. لەم نێوەندەیشدا دەبینین هەر ئەکتەرێکی دەوڵەتیی ناوچەکە، بۆ نموونە، تورکیا و سووریا و عێراق و کۆماری ئیسلامی و پاکستان و سعوودیا و وڵاتانی تری عەرەبی، پاڵپشتی لە ئەکتەرێکی نا ـ دەوڵەتی دەکەن.

گۆڕانکارییەکان لە بوار و ڕەهەندەکانی پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان وای کردووە کە چیتر هاوکێشەکان لە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا قەتیس نەمێنێتەوە. ئەمەیش بۆتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵ، پێگە و بکەرایەتیی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لە بواری هاوکێشە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. بۆیە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و، هەروەها هاوکێشە جیۆسیاسی و سەربازی و ئاسایشی و سیاسییەکانی نێوان ئەکتەرەکان لە پاڵ دەوڵەتان، ئەکتەرە نادەوڵەتەکانیش هەم وەکوو ئەکتەر دەبینرێن و دانیان پێدا نراوە، هەمیش بوونەتە بکەر و پرسێکی ئاسایشی لە هاوکێشە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان. ئەمەیش تەنیا ئەکتەرە نادەوڵەتە دانپێدانراو و فەرمییەکان یاخود خاوەن ڕەوایەتی و یاساییەکان ناگرێتەوە، بەڵکوو گرووپە چەکدار و میلیشایی و جیهادی و توندڕەو و تیرۆریستی و تاوانکارییەکانیش دەگرێتەوە.

جگە لەمانەیش، گۆڕانکارییەکانی بواری بەجیهانیبوون و شۆڕشەکانی زانیاری و تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی چەك و تەقەمەنی و بەگشتی پێشکەوتنی بواری سەربازی، بۆتە هۆی هاتنەئارای چەندان پرس و بابەت یاخود مەترسی و هەڕەشەی نوێی ئاسایشی کە لە لایەك لە چوارچێوەی دەوڵەتاندا قەتیس نامێنێتەوە و لە لایەکی تریشەوە هەڕەشەکان تەنیا سەربازی و دەرەکی نین یاخود لانی کەم بەڕاستەوخۆ وەکوو ڕابردوو لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە نییە. باشترین نموونەیش تیرۆر و پرسی تیرۆریزم و ئاسایشی سایبەری و تاوانە ڕێکخراوەکان و پیسبوونی ژینگە و پرسی لێشاوی پەنابەر و کۆچی نایاسایی و هەژاری و بڵاوبوونەوە و قاچاخی چەك و بازرگانی بە مرۆڤ و دەرکەوتنی نەخۆشییە سنووربڕەکان وەکوو کۆرۆنا

و بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و کیمیایی و بایۆلۆجی و ئەتۆمی و...، وای کردووە کە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردە و پرسە نوێیانە ببێتە ئەولەوییەتی سەرەکیی ئاسایشی دەوڵەتان. هەر بۆیە ئەگەر پێشووتر سیستەمی نەریتیی بەرگریی سەربازی و تەنانەت چەکی ئەتۆمی دەیتوانی ئاسایشی وڵاتان بپارێزێت، ئیمڕۆکە چیتر ناتوانرێت بە پشتبەستن بە چەک و کەرەستە و ئامرازە سەربازییە مۆدێرنەکان (بۆ نموونە ئیسرائیل و ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣)، ئاسایشی ناوخۆیی دەوڵەتان بپارێزرێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەی دیاری ئەو ناوچانەیە کە لەم بوارە و بەتایبەتی لە ڕووی سەرهەڵدان و پێکدادان و پاشان ڕەوانەکردنی تیرۆر بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان پشکی شێری بەردەکەوێت.

وەرچەرخان لە پرس و بابەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییی ئەمریکا و هەوڵدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە بەپێی ئەولەوییەتەکانی ئەو وڵاتە و ململانێ لەگەڵ ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکانی نەیاری ئەمریکا، بەتایبەتی چین و ڕووسیا و ئێران و پرۆکسییەکانی لە لایەک و هاتنەئارای پرسی نوێی ئاسایشی لە ئاستی جیهانی وەکوو بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ و ئەتۆمی و بەتایبەتی تیرۆر و توندڕەویی ئیسلامی لە پاش 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001، وای کردووە کە بکەرایەتیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت ببێتەوە و، بەهۆی ئەوەیشەوە هەژموونی ئەمریکا بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

ئەوەی کە جێگەی سەرنجە دەوڵەتان لەو هاوکێشە جیۆسیاسییە نوێیانەدا کە ڕۆڵی کەلتوور و ناسنامە لە ململانێکاندا بەرز بۆتەوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ، هەروەها دروستکردنی هاوسەنگیی نوێ و پاراستنی ئاسایشیان لە هەمبەر ئەکتەرە نادەوڵەتە نەیارەکانیان، ناچارن پەنا بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتەکانی هاوپەیمانیان ببەن. ئەمەیش لە لایەک لێکەوتەی پێکنەهاتنی ئۆردەر (international order) و سیستەمێکی نێودەوڵەتی (international system)یە لە پاش جەنگی سارد و کۆتاییهاتنی سیستەمی دووجەمسەری و، بەم پێیە جۆرێکی نوێ لە ئەنارشیی نێودەوڵەتی و لە لایەکی تریشەوە ئەنارشیی ناوخۆیی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شکستی دەوڵەتانە لە نوێنەرایەتیکردنی هەموو ناسنامە و پێکهاتەکانیان.

بۆیە هاوتا و هاوتەریبنەبوونی سنووری ناسنامەیی-جوگرافی-سیاسیی دەوڵەتانی ناوچەکە لە پاڵ شکستی ئەو دەوڵەتانە لە دابینکردنی ئاسایشی ناسنامەییی پێکهاتەکان وای کردووە کە سنووری ئاسایشی ئەو ناسنامانە هاتەریب نەبێت لەگەڵ ئاسایشی دەوڵەتەکانیان. بۆیە ئەم هاوکێشانە دەرگەی بۆ بەزاندنی سنووری دەوڵەت-نەتەوەکان و دەستێوەردانی دەوڵەتانی هەرێمی و سەروو-هەرێمیی واڵا کردووە یاخود ڕێگەی بۆ خۆش کردوون. بۆیە سەرەتای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی فرەجەمسەری (Multipolarity) لە ئاستی سیستەمی "نێونەتەوەیی"، هاوتەریبە یاخود گواستراوەتەوە بۆ فرەجەمسەری لە ئاستی" ناو-دەوڵەتی"، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت.

لێرەدا دەکرێت/پێویستە گرنگترین ئەو پرس و هاوکێشە نوێیانە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە لە لایەک بوونەتە هۆی بەهێزبوونی ڕۆڵ و بکەرایەتیی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان و لە لایەکی ترەوە خودی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان، بەتایبەتی ناسنامەییەکان، پێکهێنەر و خوڵقێنەری بوونە، بخەینە ڕوو.

- **شکستی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نوێنەرایەتیکردن**

شکستی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو نوێنەری هەموو پێکهاتە و ناسنامەکان بەم واتایە دێت کە

دەوڵەتان بەهۆی سیستەمی سیاسی و سروشت و ناسنامەیان نەیانتوانیوە نوێنەرایەتیی زۆرینەی هاووڵاتیان بکەن و بە دەوڵەتی خۆیانی بزانن و لەم چوارچێوە سیاسییەدا ئاسایشی هەموو پێکهاتەکان دابین و دەستەبەر بکەن؛ ئەمە بێجگە لە شکستی ئەو دەوڵەتانە لە پێشکەشکردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی خزمەتگوزاری و پەروەردەیی و تەندروستی و ژینگەیی و هتد. بۆیە دەوڵەت بەردەوام سیمای سەربازی و ئاسایشیی هەیە، ئەویش نەك لە ئاستی دەرەکی وەکوو ڕیالیستەکان بانگەشەی دەکەن، بەڵکوو زیاتر بۆ ئاستی ناوخۆیی و بەڕێوەبردنی سیاسەتی یەکسانسازیی زۆرەملێ و سڕینەوە و سەرکوتی پێکهاتە و ناسنامەکانی تر؛ شکستی دەوڵەتانی یەمەن و سووریا و لوبنان و عێراق و...، باشترین نموونە و بەڵگەن.

لە پاڵ شکستی دەوڵەت ـ سازی لە دەوڵەتانی ناوچەکە، هەروەها شکستی نەتەوە ـ سازی و بەم پێیەش پرۆسەی دیموکراتیزاسیۆن بەگشتی و بەتایبەتی شکستی ئەمریکا لە دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لە ئەفغانستان و عێراق و ناچاربوونی ئەمریکا بۆ پاشەکشە لە ساڵی 2011 لە عێراق و پاشان گفتوگۆ لەگەڵ تالیبان لە ئەفغانستان و پاشەکشە لە ئەفغانستان و ڕاگەیاندنی ئەوە لەلایەن سەرۆک "جۆ بایدن"ەوە کە ئێمە (ئەمریکا) مەبەستی نەتەوەسازیمان نەبووە لە ئەفغانستان و تەنیا بۆ جەنگی دژی تیرۆر (ئەلقاعیدە) چووبووین! وای کردووە کە ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان بەرزتر ببێتەوە. بۆیەیش ئەمریکا بەهۆی نەبوونی دیموکراسی و ناسنامەیەکی نیشتمانی لە وڵاتانی ناوچەکە و، هەروەها شکستی ئەو وڵاتانە لە نوێنەرایەتیکردنی هەموو پێکهاتە و هێزە سیاسییەکان هەوڵ دەدات کە لە ڕێگەی ئەم ئەکتەرانەوە هاوسەنگی و سەقامگیری بپارێزێت و ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسییەکان ببێتەوە و تەنانەت لە بەرامبەر ئەکتەرە نادەوڵەتەکانی نەیار و دوژمنی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەکاریان بهێنێت. بۆ نموونە، دووبارە داڕشتنەوەی ستراتیژیی ئەمریکا لە ناوچەکە بەگشتی و لە ئەفغانستان بەتایبەتی لە دژی چین و ڕووسیا و ئێران و تەنانەت داعش لە ڕێگەی تالیبانەوە و بەپێچەوانەوە بەکارهێنانی هێزە میلیشیاییەکانی لایەنگری ئێران وەکوو حەماس و جیهادی ئیسلامی و حزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن و حەشدی شەعبی لە دژی ئەمریکا و لایەنگرانی لە ناوچەکە، هەروەها ڕۆڵی کورد لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان لە عێراق و سووریا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بەتایبەتی لە جەنگی دژی داعش.

- **کەوتنەژێرپرسیاری باڵادەستی و هەژموونی ئەمریکا لە ئاستی جیهانی**

دوو پایەی سەرەکیی تیۆرییەکانی تیۆریسیەن "گیلپین" (Robert Gilpin) بریتین لە دەوڵەت ـ سەنتەری و سەقامگیریی هەژموون[2]. سەقامگیریی هەژموونی ئاماژەیە بۆ ئەو هەلومەرجە لە بواری سیستەمی نێودەوڵەتیدا کە دەسەڵاتێکی هەژموونی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا باڵادەستیی هەیە؛ لە گۆڕەپانی جیهانیدا بوونیان هەیە و بە دروستکردنی ڕێسا و ڕژێمی نێودەوڵەتیی بەهێز، سەقامگیری و هاوسەنگیی سیستەمەکە دەپارێزن و دەبنە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت و ئەکتەرە جیاوازەکان ئەو ڕێسایانە پەیڕەو بکەن. لە تیۆریی سەقامگیریی هەژموونیدا سیستەمێکی نێودەوڵەتی لەسەر سێ بناغەی سەرەکی دامەزراوە:

١- **بوونی دەسەڵاتێکی هەژموونخواز:** ئەم دەسەڵاتە دەبێت دەسەڵاتی باڵای ئابووریی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ گەرەنتیکردنی ڕێسا جۆراوجۆرەکانی بەڕێوەبردنی سیستەمەکە و، لەلایەکی تریشەوە ڕێکخستن و پشتیوانی لە سیستەمی ئابووری ـ دارایی و شێوازی وەبەرهێنان و دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکانی سیستەمەکە بکات.

**٢- پابەندبوونی ئایدیۆلۆژی بە ئایدیۆلۆژیای هێزی هەژموون:** لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵاتێکی هەژموون، نابێت تەنیا پابەند بێت بە ئایدیۆلۆژیا؛ بەڵکوو پێویستە شەرعییەتێکی ئایدیۆلۆژیی هەبێت بۆ سەرکردایەتیکردنی سیستەمەکە. لە سایەی هەژموونی ئایدیۆلۆژیدایە کە دەسەڵاتی باڵادەست دەتوانێت پشتیوانی و هاوکاریی زلهێزەکانی دیکە بۆ خۆی ڕابکێشێت و لەگەڵ سیستەمەکەدا بیانگونجێنێت.

**٣- بەرژەوەندیی هاوبەش:** سەقامگیریی هەژموونی تەنیا بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی باڵا و ئایدیۆلۆژیا بەدی نایەت؛ بەشێک لە پابەندبوونی ئەندامانی سیستەمی نێودەوڵەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پابەندبوونانەی کە لە ڕژێمە باڵادەستەکانەوە بەرامبەر بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان سەر هەڵدەدەن. ئەگەر زۆربەی ئەندامانی سیستەم، بەتایبەت لە بواری ئابووریدا، هەست نەکەن کە بەشداری لە ڕژێم و پێکهاتەکانی سیستەمدا قازانجی زیاتری بۆ ئەوان بەدواوەیە، ڕاددەی هاوکارییەکانیان کەم دەبێتەوە و تێچووی دەسەڵاتی هەژموون بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیستەمەکە زۆر زیاد دەکات. باڵادەستیی دەسەڵاتی هەژموون تەنیا بەهۆی توانای ئابوورییەوە نییە، بەڵکوو بەهۆی دەسەڵات و کاریگەریی سیاسیی ئەو وڵاتەیە کە باسی لێوە دەکرێت. دەسەڵاتی هەژموون لەسەر بنەمای دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی خۆی دەست بەسەر سیستەمی نێودەوڵەتیدا دەگرێت[3].

لەم چوارچێوەیەدا، نەبوونی هێز و ئەکتەرێکی هەژموون (دەوڵەت) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای کردووە کە ئەم دەوڵەتانەی ناوچەکە چەندان جۆر و شێواز لە ململانێ تاقی بکەنەوە و تەنانەت بە یارمەتیی هێزە سەرووهەرێمی و ئەکتەرە نادەوڵەتەکان هەوڵی گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی خۆیان و پاراستنی ئاسایشیان بدەن؛ بۆ نموونە پاڵپشتی و تێکالاویی سێ بەرە لەگەڵ ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتانە دەبینین:

1- تورکیا و قەتەر و ئەکتەرە ئیسلامییە نادەوڵەتەکانی هاوپەیمانیان لە سووریا و لیبیا و هتد؛

2- سعوودیا و ئیمارات و ئەکتەرە نادەوڵەتەکانی هاوپەیمانیان لە عێراق و لوبنان و سووریا و لیبیا و هتد؛

3- کۆماری ئیسلامی و هێزە میلیشیا و ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی لە عێراق و یەمەن و سووریا و لوبنان و فەڵەستین و هتد.

بۆیە ئەو هاوکێشەیەی کە دەبینرێت ئەوەیە کە وڵاتان بۆ دوورکەوتنەوە لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز، هەروەها پاراستنی ئاسایشی خۆیان، لە لایەك بارگرژی و پێکدادانەکان لە دەرەوە و دوور لە سنوورەکانیان بەڕێوە دەبەن و لە لایەکی تریشەوە کەڵك لەو ئەکتەرە نادەوڵەتانە وەردەگرن و هەوڵی بەهێزکردنیان لە ڕێگەی پشتیوانیی لۆجێستی و دارایی و ڕاهێنانیان دەدەن.

لەم چوارچێوەیەدا، دابەزین و کەوتنەژێرپرسیاری باڵادەستی و هەژموونی ئەمریکا لە ئاستی جیهانی وای کردووە کە ئەمریکا لە سەدەی ٢١ ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی گەورە ببێتەوە، چونکە لە لایەك ڕووبەڕووی چەندان پرس و بابەتی نوێ بۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە چەندان ئەکتەری نوێ بەرهەڵستی و ڕکابەرایەتی و تەنانەت ململانێ و دوژمنایەتیی ئەمریکا و هەژموونەکەی دەکەن؛ بۆ نموونە چین و ڕووسیا لە ئاستی نێودەوڵەتی و، ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ئاستی هەرێمی.

هەروەها قەیرانی دارایی و پرسە ئابوورییەکان لە جیهان بەگشتی و لە ئەمریکا بەتایبەتی وای کردووە، لە

لایەك ئەمریکا نەتوانێت بەردەوام بێت لە دابینکردنی ئەو تێچووە زۆرە مرۆیی و داراییەی پاراستنی هەژموونی سەربازی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە لایەکی تریشەوە گوشاری ڕای گشتیی ناوخۆی ئەو وڵاتە وای کرد کە ئەم ڕۆڵەی ئەمریکا وەکوو تاکە جەمسەری جیهان و پارێزەری ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەوێتە ژێر پرسیارەوە و نەتوانێت بەردەوام بێت لە ئەستۆگرتنی ئەو تێچووانەی هاوپەیمانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی. بۆیەیشە بۆ نموونە سەرۆك دۆناڵد ترامپ داوای لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت وڵاتانی ئەورووپا لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتلەسی (ناتۆ) دەکرد کە یان دەبێت وڵاتان خۆیان ئەو تێچووانەی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەتەکانیان لە ئەستۆ بگرن یاخود ئەو تێچووە بدەن بە ئەمریکا بۆ ئەرکی پاراستنیان. پاشەکشە و دەرچوونی ئەمریکا لە ئەفغانستان یەکێک لەو لێکەوتانەی ئەو پرسەیە.

- **هەڵکشانی چین لە ئاستی جیهانی و ڕووسیا لە ئاستی هەرێمایەتی**

ڕێککەوتنی ٢٥ ساڵیی چین و ئێران و ناوبژیوانی لە نێوان ئێران و سعوودیا و، هەروەها ڕێککەوتنی فرەلایەن و فرەڕەهەند لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی ناوچەکە لە پاڵ پرۆژەی دەستپێشخەریی "یەک ڕێگە-یەک پشتێن"، تەنیا بەشێک لە گۆڕانکارییەکانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە چین ڕۆڵی ناوەندیی تێدا دەگێڕێت. ڕۆڵی ڕوو لە هەڵکشانی چین لە ئاستی جیهانی وا دەکات کە لە لایەك ئەمریکا ئەم گەشەسەندن و بەرزبوونەوەی ڕۆڵ و توانا ئابووری و سەربازی و سیاسییەی چین وەکوو هەڕەشەیەکی ئابووری و پاشان سیاسی و سەربازی و ئاسایشی ببینێت بۆ سەر پێگە و هەژموونە جیهانییەکەی و، لە لایەکی تریشەوە وا دەکات کە ئەمریکا هەوڵ بدات سەرنج و هێزی خۆی بۆ ڕاوەستاندن و گەمارۆدان یاخود لەخۆگرتن و کۆنترۆڵکردنی چین تەرخان بکات. هەر بۆیە ناوچەیەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەولەوییەتی یەکەمی ئەمریکا بۆ ڕیزبەندیکی خوارووتر لە ئەولەوییاتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دادەبەزێت؛ باشترین نموونە پۆلینکردنی ئەو پێگەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەپێی هەڕەشە و مەترسییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە بەڵگەنامەکانی ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆککۆمارەکانی ئەمریکا.

بەم واتایە ئێمە وەرچەرخانێکمان لە ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بینی کە بەپێی هەڕەشە و مەترسییە نوێیەکانی سەر ئەمریکا، چینی بردۆتە ڕیزبەندی سەرەوەی ئەولەوییەتە ئاساییشییەکان و، هەڕەشەکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هێناوەتە ڕیزبەندی خوارەوەی ئەولەوییەتەکان. بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییە وەکوو هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و بەرزبوونەوەی ڕۆڵی چین و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڕەشەکانی ئێران لەسەر هاوپەیمانەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژاوا، پێ دەچێت گۆڕان بەسەر ئەم ڕیزبەندییە و ئەولەوییەتدانانەدا بێنێت؛ چونکە پاراستنی هاوپەیمانان لە مەترسییەکانی کۆریای باکوور و سنووردارکردنی چین و ڕووسیا و ڕێگەگرتن لێیان لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە، بووەتە ئەولەوییەتی سەرەکیی ئەمریکا. بەم مانایە کە "چین" وەکوو هەڕەشەی سەرەکیی داهاتوو و، مەترسیدار بۆ سەر ئاسایش، پێگە و هەژموونی سەربازی و ئابووری و، بەم پێیەش سیاسیی ئەمریکا لە جیهاندا دەستنیشان کراوە. ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشکەوتنە ئابوورییەکانی چین، بۆ هەژموونی سەربازی و سیاسی تەرجەمە نەکرێت.

بۆیە بۆ خوێندنەوەی ڕەفتاری ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەبێت ئەوە بزانین کە سیاسەت و ستراتیژی ئەمریکا لەم ناوچەیە، گرێدراوی ستراتیژییە باڵاکانی ئەمریکایە لە جیهان و، چۆنێتیی تێگەیشتن

و پێناسەکردنەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر ئەمریکا و گۆڕانکارییەکانییەتی لەلایەن سیاسەتداڕێژەرانی ئەمریکی؛ ئەمە سەرەرای پرسی تیرۆر، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکوو گەورەترین هەڕەشە و مەترسیی پێناسەکراوی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەمریکا. بۆیە، سیاسەتەکانی بەم ئاراستەیە دەڕوات کە لە ڕێگەی هاوپەیمان و هاوبەشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و خۆجێییەکانییەوە (بۆ نموونە هێزە کوردستانییەکان لە عێراق و سووریا) لەسەر زەوی، گورزی کوشندە لەو گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییانە بدات؛ بەڵام بەو مەرجەی کە چیتر پێویستی بە لەشکرکێشی و تێوەگلانی ڕاستەوخۆ نەبێت یاخود وەکوو ئەو ستراتیژییەی کە ئەمریکییەکان پەیڕەویی لێ دەکەن و دەڵێن: "چیتر پۆستاڵی سەربازەکانیان لەسەر زەوی نەبێت " (no boots on the ground) بەڵکوو لە ڕێگەی پڕچەککردن و ڕاهێنان و ئامادەکردن و هاوکاری و هەماهەنگی و چاودێری و یارمەتیی هەواڵگری و هێرشی ئاسمانی و یارمەتیی دارایی و لۆجستی و...، ئەم ئەرکە جێبەجێ بکەن؛ ئەمە سەرەڕای ئامانجی ڕێگەگرتن لە بەرزبوونەوەی نفووزی دەوڵەتانی ڕووسیا و ئێران لە ناوچەکە.

لێرەوەیە کە ئێمە بینەری؛ خاوی، ناڕوونی، ئاڵۆزی و بێهەڵوێستیی ئیدارەی ئەمریکاین لە پرسەکانی ناوچەکەدا. لەم ڕوانگەیەوە، ئەمریکا هەوڵ دەدات لە لایەك لەگەڵ وڵاتانی گرنگی سوننە-وەکوو سعوودیا، ئیمارات و میسر و ئوردن- پەیوەندییەکی توندوتۆڵتری لە ناوچەکەدا هەبێت و، لە لایەکی ترەوە ئەو وڵاتانە لە ئیسرائیل نزیک بکاتەوە و هاوبەندی و هاوپەیمانێتییەک لە نێوانیاندا دروست بکات.

تەنانەت ڕووسیاش لە بۆ بەهێزبوونەوەی خۆی لە ناوچە جیابووەکانی سۆڤیەتی پێشووی وەک چیچان و ئەبخازیا و ئۆسێتیای باشوور لە جۆرجیا، ستراتیژیی جەنگی بەوەکالەتی بەکار هێناوە. هەروەها گرووپی میلیشیاکانی "ڤاگنەر" کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سوپای ڕووسیاوە هەیە، بەشدارییان لە جەنگی ناوخۆی سووریا و دۆنباس و لەشکرکێشیی سەربازیی ڕووسیا بۆ ئۆکراینا کردووە.

بە شێوەیەکی گشتی، ملمالانێ و ڕکابەرایەتیی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا و چین و یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای کردووە کە وڵاتان نەیانەوێت بەئاشکرا و ڕاستەوخۆ بکەونە ئەو بەرە و ململانێیانە. هەر بۆیە ئەکتەرە هەرێمی و تەنانەت سەرووهەرێمییەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتەکانەوە هاوکێشەکان بگۆڕن. بەهۆی ئەمەوە فرەجەمسەری لە ئاستی نێودەوڵەتی، لە ئاستی هەرێمییش دەبینرێت و لە ئاستی نا-دەوڵەتی یاخود خواردەوڵەتییەوە لە ڕێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان درێژ دەبێتەوە و پاشان دووبارە سنووری دەوڵەتان دەبەزێنێت و لە ئاستی هەرێمی ڕۆڵی بکەرایەتی دەبینێت و تەنانەت ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکان لە ئاستی سەروو-هەرێمی (وەکوو داعش و ئەلقاعیدە) ڕۆڵ و چالاکییان دەبێت. لەبەر ئەوە ئەم ئەکتەرانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سنووربەزێن یاخود بان-نەتەوەیین. بۆیە فرەجەمسەری لە ئاستی نێودەوڵەتی، هاوتەریبە لەگەڵ فرەجەمسەریی هەرێمایەتی و ژێر-دەوڵەتی؛ ئەمەیش لە ڕێگەی ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکانەوە فۆرمی وەرگرتووە و دروست بووە.

- **کاریگەریی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لەسەر هاوکێشە جیۆسیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ملمالانێ ناسنامەیی و جیۆسیاسییەکاندا لە "فاکتەرەوە بۆ بکەر" پێگەیان بەرز و بەرجەستە بووەتەوە. هەر بۆیە دەبینین کە ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتانە بەپێی ناسنامەکەیان و پاشان ملمالانێکانی نێوان دەوڵەتان لەسەر بەرە یاخود جەمسەری وڵاتانی هەرێمی و سەروووهەرێمی

دابەش بوونە. ئەم ڕۆڵ و بکەرایەتییەیش لە ناوخۆی دەوڵەت (پێکهاتەکان و هێزە سیاسی و سەربازی و میلیشیاییەکانی وەکوو حەماس لە فەڵەستین و تالیبان لە ئەفغانستان و پاکستان و حووسییەکان لە یەمەن) و لە ئاستی هەرێمی (وەکوو حەماس و حزبوڵڵای لوبنان و حەشدی شەعبی) و تەنانەت ئاستی سەروو-هەرێمییش (ڕێکخراو و گرووپە تیرۆریستەکان وەک داعش و ئەلقاعیدە) دەبینرێت. هەر بۆیە کورد وەکوو ئەکتەرێکی سیاسی-سەربازی، بەتایبەتی لە عێراق کە ڕەوایەتی یاسایی و دەستووریی هەیە، ڕۆڵی بکەرایەتیی بەرز دەبێتەوە. تەنانەت پەیەدە و یەپەگە (هەسەدە) لە سووریا وەکوو هاوپەیمانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپی لە جەنگی دژی داعش دەبینرێن. ئەمەیش چەند هۆکارێکی هەیە:

- لە ڕێگەی ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکانەوە ئەم ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییانە خۆیان بۆ هەر ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئاسایشی لە داهاتوو ئامادە دەکەن. بۆ نموونە لە داهاتووی سووریا و عێراق هەم ئەمریکا و هەم تورکیا و هەمیش سعوودیا و وڵاتانی عەرەبی وەکوو قەتەر و تەنانەت ئێران هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکانەوە کاریگەرییان لەسەر داهاتووی پرۆسەی سیاسی و ئاسایشیی سووریا و عێراق هەبێت.
- لە ئەگەری تێکچوونی هاوسەنگیی هێز لە ئاستی ناوخۆی خودی دەوڵەتان و هەڕەشە بۆ ئاسایش و بەرژەوەندیی ئەکتەرەکان، لەم ڕێگەیەوە هاوسەنگیی ویستراو و خوازراوی ئەکتەرە هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان بەپێی فرەییی پێکهاتە و فرەناسنامەبوونی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزرێت یاخود دروست دەکرێتەوە. ڕۆڵی کورد لە هاوکێشەکانی داهاتووی سووریا و هەرێمی کوردستان لە عێراق و حزبوڵڵا لە لوبنان و حووسییەکان لە یەمەن و حەشدی شەعبی لە عێراق و...، باشترین نموونەن، بەڵام هەر یەکەو لە بەرژەوەندی و ئاسایشی ئەکتەرێکی هەرێمی و سەرووهەرێمیدان.
- لە بەڕێوەبردنی ململانێ جیۆسیاسییەکانی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ئەکتەرە نا-دەوڵەتییانە، دەتوانن لە بەرژەوەندیی ئەکتەرە دەوڵەتییەکاندا ڕۆڵی بکەرایەتیی کاریگەر ببینین؛ بۆ نموونە ململانێکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ڕێگەی جەنگی بەنوێنەرایەتییەوە.
- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەکتەرە تیرۆریستییەکان، وڵاتانی هەرێمی و سەرووهەرێمی بەپێی سروشتی هەڕەشەکان باشتر دەتوانن لە ڕێگەی ئەکتەرە نادەوڵەتەکانەوە بەرەنگاری تیرۆر لە سەرچاوەکەی ببنەوە و ڕێگە لە بەهێزبوون و تەشەنەسەندن و پەڕینەوەی بۆ ئاستی سەرووهەرێمی بگرن؛ جەنگی دژی داعش و ڕۆڵی کورد باشترین نموونەیە.
- تێچووە مرۆیی و داراییەکانی دەستێوەردان و جەنگی ڕاستەوخۆ لە لایەك و گۆڕینی ستراتیژی و ئەولەوییەتی ئاسایشی وڵاتان بەپێی هەڕەشە نوێیەکان، بەتایبەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژاوایی لە لایەکی ترەوە، وا دەکات کە ڕۆڵی ئەم ئەکتەرە نادەوڵەتانە بەرز ببێتەوە؛ ئەزموونی ئەمریکا لە ڕووی دارایی و سەربازییەوە لە ئەفغانستان و عێراق نموونەیەکی بەرجەستەی ئەم گۆڕانکارییانەن.
- دەوڵەتە هەرێمییەکانی وەکوو ئێران و سعوودیا و تەنانەت دەوڵەتە سەرووهەرێمییەکان، بەتایبەتی ئەمریکا و ڕووسیا نایانەوێت ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکەن لە کاروباری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە باشترین فاکتەر بۆ نفووز و کاریگەری لە دەوڵەتانی ناوچەکە، ڕۆڵی بکەرایەتیی ئەکتەرە نادەوڵەتەکانە. ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی هەستی ئایینی و مەزهەبی و دژەبێگانە و جووڵاندنی ڕای گشتیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمی و

سەروو-هەرێمی وا دەکات کە ئەکتەرە دەوڵەتەکان لە ڕێگەی خودی ئەکتەرە نا-دەوڵەتەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە هەوڵی دروستکردنی نفووز لە ناوخۆی دەوڵەتەکان و لە هاوکێشە هەرێمییەکاندا بدەن. ئێران باشترین نموونەیە کە هەوڵ دەدات ئەزموونی مەترسیداری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەو وڵاتە لە ڕێگەی بەکارهێنانی جەنگی بەنوێنەرایەتییەوە (Proxy War) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە نەبێتەوە. ئێران لە ڕێگەی "حرب غير متكافئة-Asymmetric warfare" یاخود جەنگی ناهاوسەنگ لە زۆنە خۆڵەمێشییەکانی (Grey-zone) لە ناوچەکەدا دەتوانێت لە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکانییەوە جەنگی بەنوێنەرایەتی (Proxy war) لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و تەنانەت ئەمریکا بەڕێوە بەرێت، چونکە ئێران بۆ دەربازبوون لە تەنیاییە ستراتیژییەکەی (Strategic Loneliness)، پێوستی بە ئەکتەرە نادەوڵەتەکانە.

- بەپێی بەدواداچوون و لێکدانەوەی سیاسەتی ئەمریکا لە پاش هاتنەسەرکاری ئیدارەی ئۆباما، ستراتیژیی ئەمریکا لە ئاستی جیهانی و، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر یەک تێرم ڕاوەستاوە: outsourcing. بەپێی ئەم ستراتیژییە، ئوسترالیا، کۆریای باشوور، ژاپۆن و هیندستان لە دژی چین ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە؛ پۆڵەندا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا و وڵاتانی سکاندیناڤیا لە دژی ڕووسیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیسرائیل و سعوودیا ئەرکی ئێرانیان لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام بەم جیاوازییەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەکتەرە نادەوڵەتەکانیش لە هەردوو بەرەدا ڕۆڵێکی باڵایان دەبێت. تەنانەت سیاسەتی ئێران لە ناوچەکە لە ڕێی پرۆکسییەکانییەوە بە مەبەستی پێچەوانەکردنەوەی ئەم ستراتیژییەیە (بۆ نموونە هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعوودیا پێش ئەم هێرشە). هەر بۆیە هەوڵەکانی ئێران بۆ دوورخستنەوەی ئیسرائیل و سعوودیا لە ڕێککەوتن و دروستکردنی پەیوەندی و گرێدانی پەیمانی ئاشتی (ئیبراهیم)، هەر لەم چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

**کۆبەند**

ئەنجامەکانی جەنگی حەماس و ئیسرائیل هەرچییەک بێت، لێکەوتەی ڕاستەوخۆی بریتییە لە هەڵکشانی ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لە هاوکێشە جیۆسیاسییەکاندا. ئەم ڕووداوەیش لە پاڵ جەنگی ڕووسیا-ئۆکراینا، ئامادەکارییە بۆ گواستنەوە لە نەزمی لەرزۆکی هەرێمایەتیی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو چەسپاندنی ئۆردەرێکی نوێ.

ڕووداوی هێرشی حەماس بۆ ئیسرائیل وانەیەکی گرنگی بۆ کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هەگبەدایە، ئەویش ئەوەیە کە دەوڵەتەکان هەوڵ دەدەن ناکۆکیی ناوخۆیی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان لە ململانێ ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکاندا بەکار بێنن؛ بۆ نموونە ئێران، حەماس و جیهادی ئیسلامی بەکار دێنێت لە دژی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری فەڵەستین کە لە ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی نزیکە و تەنانەت مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیلیش دەکات. بۆیە بەشێک لە سیناریۆکانی داهاتووی ئەم جەنگە لەسەر ئەوە یەکلایی دەبێتەوە کە ئایا دەتوانرێت فەڵەستینییەکان یەک نوێنەریان هەبێت و کەرتی غەززە بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری فەڵەستینییەکان؟ بەڵام ئەم سیناریۆیە بە قازانج و لە بەرژەوەندیی ئێران نییە.

لەم چوارچێوەیەدا هەر ئەم هاوکێشەیەیش مەترسییەکی سەرەکییە بۆ هەرێمی کوردستان کە دوو هێزی سەرەکیی سیاسی ناکۆکییان هەبێت کە هەژموونی جوگرافییان هەیە و خاوەن هێزی سەربازین. هەر

بۆیەیشە بەغدا و ئێران هەوڵ دەدەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن و لە بەرامبەریدا لایەنە حزبییەکان بەهێز بکەن. ئێران لە ڕێگەی شیعەکان و میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە ئەم سیاسەتە لە عێراقیش پەیڕەو دەکات، چونکە سیاسەتی ئێران ئەوەیە ڕێککەوتنی بەغدا لەگەڵ و لە نێوان حزبەکان بێت، نەک حکوومەت ـ حکوومەت، کە ڕەوایەتیی نیشتمانی و نێودەوڵەتیی هەیە، چونکە ئێران نایەوێت هەرێمی کوردستان و پرسی کورد لە عێراق تاکە نوێنەرێکی هەبێت کە ئەو نوێنەرەیش فەرمی ـ دەستووری (حکوومەت) و دانپیانراو بێت. هەر ئەمەیش نهێنیی بەرزبوونەوەی ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتەکان و تەنانەت میلیشیاکانە لە ناوچەکەدا.

بەڵام مەترسیدارترین خاڵ بۆ ئەکتەرێکی وەکوو هەرێمی کوردستان، لاوازبوونی ئەمریکایە ـ بە هەموو بەها و بەرژەوەندییەکانییەوە ـ لە بەرامبەر نەیارە هەرێمایەتییەکانی وک ئێران و ڕکابەرە نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕووسیا و چین؛ چونکە نەبوونی دەوڵەت بۆ ئەکتەرێکی ناسنامەیی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لەم هاوکێشە جیۆسیاسییە ئاڵۆزەی ناوچەکە و لە پاڵ پاشەکشەی ئەمریکا لە هەموو ئاستەکاندا، بە واتای گەڕێکی تر لە پێکدادان و سەرکوتی مافەکان و گەمارۆدان دێت. ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان بە بەها و نۆرمە ڕۆژاواییەکان گەشەی کرد و بە لاوازبوونی ئەو بەها و نۆرمانەیش لە ئاستی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستانیش پاشەکشە دەکات.

ئەگەر نەیارەکانی ئەمریکا بتوانن سیستەمی نێودەوڵەتی لە زیانی ئەمریکا بگۆڕن، ئەوە مامەڵەکردنی ئەکتەرەکان لەسەر بنەمای "سەروەری"، تەنیا پەراوێزێکی بچووک بۆ هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق دێڵێتەوە، چونکە بەڵگەنەویستە بەهێزبوونەوەی عێراق وەکوو دەوڵەت، لاوازبوونی هەرێمی کوردستانە وەکوو ئەکتەری نادەوڵەتی لە هاوکێشە ناوخۆیی و هەرێمییەکاندا.

(non-state armed groups (NSAGs – [1]

Gilpin, Robert (2001), *Global Political Economy: Understanding the- International Economic Order*, Robert Gilpin with the Assistance of Jean M. Gilpin. Published by Princeton University Press, 41 William Street, Princeton, New Jersey 08540. [2]
-Gilpin, Robert (2000), *The Challenge of Global Capitalism*, Princeton University .Press

[3] – حسین سلیمی، نظریه‌های گوناگون درباره جهانی شدن، تهران: سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)،١٣٨٤.